# لیستەی نوێی ئەو عیراقییانەی یارمەتی داراییان لە ئەمریکا وەرگرتووە

ئارام زەندی

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لیستەیەکی نوێی بڵاوکردۆتەوە ، کە تێیدا نێوی ئەو گروپ و رێکخراو وکەسایەتییە عیراقیانە راگەیاندراوە کە ١١,٦ ملیۆن دۆلاریان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەرگرتووە.

ئەم هەواڵە لە رۆژی ١ / ٥ ئەم مانگە (ئایار) لە لایەن وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە لە وڵامی پرسیارێکدا راگەیاندرا. پرسیارەکە بەم شێوەی خوارەوە بوو :

پرسیار : دەتوانن پێمان رابگەیەنن کە ئەو گروپ و کەسایتییە عیراقیانە کێن لە دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانی عیراق یارمەتی دارایی لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا وەردەگرن ؟

وەڵام : حکومەتی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا ١١,٦ ملیۆن دۆلاری داوە بەم گروپ و کەسایەتییانە لە دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق وەکو بەشێك لە هەوڵ و کۆششەکانی بۆ لابردنی رژێمی عیراقی و هێنانە کایەی حکومەتێکی نوێوە بۆ گەلی عیراق.

لە نێو ناوەکاندا ئەم لایەن و کەسانە هەن :

- نەبیل ئەلموسەوی – لە (INDICT) (گروپێکە هەوڵی ئەوە دەدا کە سەرانی رژێم بدرێنە دادگا و ئان کلۆید سەرۆکایەتی دەکا).
- ئاراس حەبیب – کەسایەتی (کوڕی حەبیب محەمەد کەریمە کە بە حەبیب فەیلی ناسراوە).
- محەمەد عەلی محەمەد (AMAR)
- رەند فرانك رەحیم ( The Iraq Foindation)
- کەنعان مەکیە ( The Institute Of Iraq)
- سەعد ئەلبەزاز (Iraq Press) – خاوەن و سەرنوسەری رۆژنامەی ئەلزەمانە و کاربەدەستێکی باڵای رژێمی بەعس بووە و تۆرێکی پەیوەندی گومانلێکراوی لە گەڵ ئوردون و ئەمریکا و قەتەریشدا (بەر لە ئێستا) هەیە و پارەی لە گەلیَ لا وەرگرتووە و ئێستا لە دادگاکانی بەریتانیا دۆزی لە دژ کراوەتەوە و ئەستێرەی کەوتۆتە لێژی ، مەگەر ئەمریکا فریای بکەویَ)
- غەسان ئەلعەتیە ( Iraqi File)
- تاریق عەلی ئەلسالح (Iraqi Jurists Association)
- نەجیب ئەلساڵحی – کەسایەتی (ئەفسەرێکی هەڵهاتووی سوپای عیراقە)
- فالح عەبدولجەبار ( Iraq Culture Forum)
- عەبدولحسێن وەدای ئەلعەتیە – کەسایەتی
- خالید عیسا تاها – کەسایەتی
- مونزیر ئەلفەزڵ – کەسایەتی (مامۆستای قانوون بوو لە زانکۆی بەغدا و لەم دواییەدا هەندیَ وتار و باسی لە سەر دۆزی کورد نووسیوە و پشتگیری لە داخوازییەکانی گەلی کورد دەکا)

www.kurdistannet.org

- حوسێن سنجاری ( Iraqi Institute For Democrasy)
- نوری ئڵتەیف (Karbala Centre)
- بەختیار و سەفیە ئەلتمیمی (International Alliance For Justice) (مەبەست بەختیار ئەمینە کە لە هاوپەیمانیی جیهانی بۆ دادوەری لە دژی پێشێلکردنی ماف مرۆڤ لە لایەن رژێمی عیراقەوە کار دەکا).

٢٠ / ٥ / ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org